# کەمیسیۆن: 160 هاوپەیمانی و پارت ناوی بەربژێرکانیان پێشکەشکردووە

کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق رایگەیاند، 160 هاوپەیمانی و پارت و لیستی تاک، ناوی بەربژێرکانیان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پێشکەشکردووە.

جومانە غەلای، گوتەبژی کەمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق رایگەیاند، لیستی ناوی بەربژێرکان کە پێشکەش بە کەمیسیۆن کراون، لەماوەی مانگێکدا وردبینیی بۆ ئەنجامدرێت.

گوتەبژی کەمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئاماژەی بۆشکرد، لەماوەی ئەو مانگەدا، کە وردبینی بەسەرجەم بەربژێرکان دەکرێت، هەر بەربژێرێک مەرجەکانی تیادا نەبێت، لە بەربژێربوون دووردەخرێتەوە.

بەیارەی رۆژی 11ـی تشرینی دووەمی 2025 هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوەبچێت، هەرچوار سەرکایەتییەکەی عێراق بەردەوام پشتیوانیی خۆیان بۆ کەمیسیۆن بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن لەو وادیەدا دووپاتدەکەنەوە و کەمیسیۆنیش بەردەوام لە ئامادەکارییەکان.